www.kurdistannet.org
16-2-2006 10:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەنگاوێکـــــەو.. بەس!!... دلێر محمود سابیر

بەڕێزم باوکی هەلۆ، ، پەیامی پیرۆزت گەیشت. هەرچی ئەفەرمووی ڕەوایەو شارراوە نیە، من ئەتوانم ئەو حوکمە بدەم کە ئەم هەنگاوەی نەك من بەڵکو ئێمە ئەی نێین بۆ مەرامی کارێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی بە سوود بۆ ئایندەکەمان و کۆنترۆڵ کردنی هونەرە جوانەکەمان بە هەموو بوارەکانیەوە بە کۆکردنەوەی لە نێوان چوار دیواردا ئەرکێکی پیرۆزە وەك ئێمە مانان پێی ئەزانین، ئەگەرچی بەرانبەرەکەت درك بە بچوکترین خاڵی ئەو بەرهەمە گەورەیە ناکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بێ دەنگ بین و نەتوانین ئەگەر بۆ موجامەلەش بێت بیرو ڕای خۆمان دەربڕین، لایەنێکی گرنگ فەرامۆش بکەین کە بێ گومان ئەبێ کەسانێك هەبن خەم خۆری ئەو پڕۆژەیە بن، ئێمە ئەوەی لە سەرمانە تەنها موبادەرەیەکەو ئەیکەین و بە هیوای ئێوەو دڵسۆزانی کورد لە گەڵیا ئەڕۆین هەرچی کرا کرا، نەکرا خوا ئەوە بگرێ نایکا و چ دەربەست بێین و ئەتوانین چی بکەین خۆ لافیتە هەڵناگرین دژایەتیان بکەین، ئەوەی بەڕێزت ئەفەرمووی زیاتریشە تۆ کەمت فەرمووە من واقیعە تاڵەکەمان زۆر باش هەڵسەنگاندووە و ئەزانم لە کوێوە ئازاری دێ ئەو شوێنە ئەگرم، بەڵام لایەنی بەرپرس کە ســــڕڕ بۆبێ ئەوە یان بەنج کرابێ سرووشتیە هەست بەو بەرپرسیاریە ناکات کە خاوەنی ئەم خاکەیەو تا ئەمرێ ئەبێ ئیشی باشی بۆ بکات، ئەمەی ئێمە ئەیکەین وەك ئەوە وایە:

مەلایەك زۆر باسی ڕۆژو نوێژو چاکەو خراپەو بەهەشت و جەهەننەم و سزای ئەوە دنیاو مولحەقەکانی ئەکات لە نوێژەکانیا، کابرایەك وەڕس ئەبێ هەموو ڕۆژێ باس و خواس لەمە زیاتر نیە، سەری بگری بنی بگری دێو ناچێتە بەهەشت کە لە ئیسلامدا ئەو هەموو هەڕەشەیە هەبێ، بۆیە ناچار بە مەلای ووت:مامۆستا تۆ ئەزانی ئەمە چەند ساڵە لە ترساندا نوێژ دەکەم و زیڕەم کردووە تۆ هەموو پاش نوێژێ ئەم باسە لە جەهەننەم و بەهەشت و سزاو مزا ئەکەی، ئەی باشە ئەگەر ئەمانە وا نەبوو؟ مامۆستاش ووتی: تۆ نوێژی خۆت بکە چی زەرەر ئەکەی!! بەڵکو ئەمە دنیایە وابێ، خۆ مەرج نیە بە خودای منیش وایان پێ ووتوم!! جا براکەم ئێمەش ئەڵێین بەڵکو!!! لە خۆیەوە بیگرێ و کەسێك غیرەتی بجووڵێ و ئەم بابەتە گەورە بکات، ئەوەی لە سەرمانە قسووری ناکەین و تا ڕادەیەکی باشیش دوا ئەکەوین و هەوڵی بۆ ئەدەین، و حەواڵە بە خوابێ ئەوسا کاربەدەستان باشن!! یان خراپن!! ئەوە باسێکی ترە. بەڵام ئەوەشت لە بیر نەچێ کە هەموو پڕۆژەیەك بە فیکرەیەك دائەمەزرێ و ئەخرێتە بەر دەمی کەسانی تر و لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەکرێ و بڕیاری لە سەر ئەدەن، ئەمانە پێیان ئەووترێ لێژنەی تەشریعی و پاشان کە بوو بە بڕیار ئەدرێتە لیژنەی جێ بە جێ کردن (تنفیزی) وەك ئەوەی ساڵ و عەیامان کە هیچیان نەکرد، بە هەر حاڵ زۆر سوپاسی ڕوون کردنەوەکەی بەڕێزت ئەکەم و پشت بە کورد ڕەش بین مەبە!!!! چونکە تەنها هەنگاوێکـــــەو، ، بەس!!!